# ئازادی و دادوەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا

**پەیڤین لە دکتاتۆرییەت و ڕوانین لێیەوە وەك ڕێگایەکی لە مێژینە بۆ ئەنجامدانی کارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەشێوەیەکی ڕەها ڕاست نییە، کە نەفامی ڕابردووی عەرەب و، ڕق و کینەی ئێستای و، نەبوونی بایەخ و گرنگیی داهاتووی نیشاندەدات. خوڵقاندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیموکراسی لە عیراقدا، یا هەر شوێنێکی دیکەی هەرێمەکە کارێکی سانا نابێت، بەڵام نیشانە و بەڵگەکان لە زیادبووندان کە ئەم پرۆسەیەی بە دیموکراتی بوونە ماوەیێکە دەستی پێکردووە.**

**(بێرنارد لویس)**

**ن: بێرنارد لویس**

**وەرگێڕانی بە دەستکاریەوە: مەڕوان کاکل**

---

بۆ موسڵمانان هەروەك بۆ کەسانی دیکەش، مێژوو بایەخی خۆی هەیە، بەڵام ئەوانەی یەکەم بە بایەخ و هۆشیارییەکی تایبەتی لێوەی دەدوێن. ئەرکی پێغەمبەر محەمەد(د.خ) لە دامەزراندن و فراوانکردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ئیسلامیدا و، داڕشتن و درێژەپێدانی شەریعەتی ئیسلام، ڕووداوگەلێکن کە ناو و دەنگی گەورەیان لە تۆماری مێژوودا داگیرکردووە و، لە هەر زووەوە لە لایەن مێژوونووسانەوە مشتومڕ و قسە و باسیان لەمەڕ کراوە. بۆی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئیسلامیدا هەڵچوون لە وتووێژ و هەندێ جاریش دەمەقاڵێ و توندوتیژی ببینرێ دەربارەی گرنگیی و پەیوەندی ئەو ڕووداوانەی کە چەند سەدەیەکە یان هەزاران ساڵە، بە دۆخی ئێستامانەوە ڕوویانداوە، ئەم هۆشیارییە مێژووییە چەندین ڕەهەندی نوێی لە چەرخی نوێدا بەدەستهێناوە، وەك ئەوەی موسڵمانان، بەتایبەتی ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، بە ئەزموونی نوێدا تێپەڕیون کە گۆڕانی لە تێڕوانین و زمانەکەیاندا هێناوەتە کایەوە.

لە ساڵی ١٧٩٨ دا، بە فەرماندەی ژەنەڕاڵی لاوی فەڕەنسی، ناپلیۆن پۆناپەرت، شۆڕشی فەڕەنسی لە شێوەی گروپێکی سەربازی بچووکدا گەیشتە میسر. هێزە سەربازییەکە بێ ئەوەی گرفتاری هیچ زەحمەتییەك بێت بۆ ماوەی چەند ساڵێك دەستی

بەسەر میسردا گرت. ژەنەراڵ پۆناپەرت بە شانازییەوە بۆ خەڵکەکە دوا و گوتی: ئەوان بە ناوی فەرەنساوە هاتوون، کە وڵاتێکە لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی بنیاتنراوە.

ئاماژەکردن بە چەمکی یەکسانی بۆ میسرییەکان کێشەیەك نەبوو، چونکە وەك موسڵمانەکانی دیکە بە باشی تێیگەشتبوون. یەکسانی لە دیدی باوەڕداران بنەمایەکی سەرەکی ئیسلام بوو هەر لەوەتەی دامەزراندنییەوە لە سەدەی حەفتەمدا، بە پێچەوانەی هەردوو ڕژێمی چینایەتی هیندی لە ڕۆژهەڵات و، ئەرستۆکراتە خانەدانەکانی مەسیحی لە ڕۆژئاوادا. ئیسلام بە ڕاستی جەختی لەسەر یەکسانی کردووە و تا ڕادەیەکی زۆریش لە چەسپاندنیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ڕوونتر بڵێین، واقیعی ژیان نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا هێنابووە ئاراوە، بە تایبەتی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری، هەندێ جاریش نەژادی و ڕەگەزییەوە. بەڵام ئەمانە بە شێوەیەکی ڕوون لە بنەماکانی ئیسلامیدا ڕەتکرانەوە و، هیچ کاتێکیش نەگەیشتە ڕادەی ئەوەی لە ڕۆژئاوادا پیادە دەکرا.

سێ دۆخی یەکسانی هەڵاوێژراو لە یاسای حوکمی ئیسلامیدا پارێزگاریان لێکرا کە ئەمانیش نزمی پێگەی کۆیلەکان و ئافرەت و بێ باوەڕەکان بوون. بەڵام ئەم بارە هەڵاوێژراوانە زۆر بەرچاو نەبوون. تا ماوەیەکی زۆر لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەگەر لە سەر بنەماش نەبووبێ، بەکردار تەنها نێرینەی سپیپێست مافی ئازادی و یەکسانی هەبوو. تۆماری مێژوو ئەوەی دیاریکردووە

کە تا درەنگانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم، مرۆڤێکی هەژاری هەر ناوچەیەکی ئاسیایی دەرفەتی باشتری هەبوو بگاتە بەرزترین پلە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئیسلامیدا، بە پێچەوانەی هەرشوێنێکی دیکەی جیهانی مەسیحی بە ناوچەکانی دوای شۆڕشی فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە.

یەکسانی بنەمایەك بوو موسڵمانەکان باش لێی حاڵی ببوون، بەڵام وشەی ئازادی یان سەربەستی کە پۆناپەرت ئاماژەی پێکرد تاڕادەیەك میسرییەکانی سەرسامکرد. بەلای عەرەبەوە (ئازادی ـ حریە) چەمکێکی یاسایی بوو نەك سیاسی، یەکێك ئازاد بوو کە کۆیلە نەبێ و، ئازاد بوون بە واتای ڕزگاربوون لە کۆیلەیەتی دەهات. بە پێچەوانەی جیهانی ڕۆژئاوا، لە جیهانی ئیسلامیدا تا ئەم دواییەش ئازادی (سەربەستی) وەك خوازە بۆ حوکمڕانی باش و خراپ بەکار دەهات.

ئەم سەرسوڕمانە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی شێخ تەهتاوی پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئەزهەر وەڵامی بۆ دۆزییەوە. دوای ئەوەی حاکمی میسر بڕیاریدا دوای ڕۆژئاوا بکەوێ و پەی بە زانیارییەکانیان بەرێت، لە ساڵی ١٨٦٢ دا چل و چوار قوتابی لە یەکەم هەنارده بۆ پاریس ڕەوانە کرد. لەم نێردەیەدا شێخ تەهتاوی هاوڕێیەتی کردن تا چاودێری هەڵسوکەوتی قوتابیەکان بکات و نەهێڵێ بکەونە هەڵەوە. تەهتاوی تا ساڵی ١٨٣١ لە پاریسدا مایەوە و، لەو ماوەیەدا زۆر شت فێر بوو، کتێبێکی سەرنجڕاکێشی لە قاهیرە بە زمانی عەرەبی لە ساڵی١٨٣٤ دا بە

چاپگەیاند. لە کتێبەکەدا بەشێکی بۆ باسکردنی حکوومەتی فەرەنسا تەرخانکرد و تیایدا ئاماژەی بەوە کرد کە چۆن فەرەنسییەکان لە ئازادی دەدوێن و ئەوەی شیکردەوە کە ئەو ئازادییەی فەرەنسییەکان باسی دەکەن، هەر ئەوەیە کە موسڵمانان بە دادوەری ناوی دەبەن، کە ئەمەش بە تەواوی ڕاستە. هەروەك فەرەنسییەکان و ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی بیریان لە حکوومەتی خراپ و حکوومەتی باش کردووەتەوە وەك کۆیلایەتی و ئازادی، موسڵمانەکانیش ئەوانە وەك دادوەری و نادادوەری دەبینن. ئەم تێبینییە بەراوردکارییانە یارمەتیدەربوون بۆ تیشکخستنە سەر مشتومڕی سیاسی کە لە جیهانی نوێی موسڵمانان لەگەڵ گەشتە پشکنینییەکەی فەرەنسا دەستی پێکرد و ئەوەیش کە لەوساوە بەشێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

هەروەك شێخ تەهتاوی گوتی باوەڕی نموونەیی ئیسلامی حکوومەتی باش لە چەمکی دادوەریدا هاتۆتە دەربڕین، بەڵام پێچەوانەی دادوەری چییە؟ ئەو ڕژێمە کامەیە کە دادوەری ڕاستەقینەی نییە؟

ئەگەر حاکمێك بۆ دادوەری ئامادەبکرێ وەك ئەوەی کە لە یاسا و شەریعەتی ئیسلامیدا پێناسەکراوە، پێویستە دوو داواکاری بەجێ بگەیەنێت، یەکەم دەبێ بە مافی خۆی دەسەڵات وەربگرێ، دووەم: دەبێ دادوەرانە پیادەی بکات. بە واتایەکی تر، نە دەبێ بە زۆر بێتە سەرحوکم و نەدەبێ زۆرداریش بێ. دەشێ یەکێك لەو خاسیەتانەی بێ ئەوەی دیکە هەبێ، بەڵام ئەزموونی ئاسایی باو ئەوەیە کە هەردووکیان بەیەکەوە دەبن لە یەك کاتدا.

بیروڕای دادوەری ئیسلامی زۆر باش دۆکیومێنت کراوە کە بۆ سەردەمی پێغەمبەر محەمەد(د.خ) دەگەڕێتەوە. ژیانی محەمەد(د.خ) وەك ئەوەی لە ژیاننامەکەیدا هاتووە و ئەوەیش کە پەیوەندی بە سروشت و فەرموودەکانییەوە هەیە، بۆ دوو قۆناغ دابەش دەکرێت: لە قۆناغی یەکەمدا هێشتا لە شارۆچکەکەی خۆی دەژیا و ڕووبەڕووی حوکمی ئەوسا دەبۆوە. بە ئایینێکی نوێ ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد و، ڕێچکەیەکی نوێی خستە مەیدان و بەرەو ڕووی حوکمی بتپەرستی مەککە ڕاوەستا. ئایەتە قورئانییەکان و فەرموودەکانی خودی خۆی و ژیاننامەکەشی کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی مەککە دەگەڕێتەوە، پەیامی ڕووبەڕووبوونەوە و، هەڵگەڕانەوە و، هەندێ جاریش شۆڕشگێڕانە لە دژی سیستمی پیادەکراوی ئەوکات هەڵدەگرن.

دوای ئەوە قۆناغی کۆچە بەناوبانگەکەی دێت بۆ مەدینە کە تیایدا محەمەد(د.خ) بوو بە دەسەڵاتدار، لە ماوەی ژیانیدا بوو بە سەرۆکی دەوڵەت و هەمان کاری سەرکردەی وڵاتی ئەنجامی دەدا. یاسای بڵاوکردەوە و لە کۆمەڵگەدا چەسپاندی و، باجی کۆکردەوە و، جەنگی ئەنجامدا، ئاشتی کرد، بە واتایەکی دیکە حوکمڕانی وڵاتی کرد.

باوەڕ و وتار و ڕێنماییە سیاسییەکان لەو کاتەدا جەختیان لەسەر ئەوە نەدەکردەوە کە ڕووبەڕووی دەوڵەت ببنەوە وەك ئەوەی کە لە مەککەدا باو بوو، بەڵکو بەلای ئەوەدا دەشکایەوە کە چۆن دەوڵەت بەڕێوەببرێت. بۆیە لە کتێبی ئایینی و شەریعەت و ڕۆشنبیری سیاسیی سەرەتای زووی موسڵمانان‌اندا دوو

ڕێگـەی دیـار و ئاشـكرا سـەری هەڵـدا، یەكـەم مێژووەكەی بۆ سەردەمی مەككە دەگەڕێتەوە دەكرێ پێی بگوترێ چالاكیی، ئەوەی دیكە كە لـە مەدینـە دا بوو، بە ڕێچكەی تەسەوف ناوی دەبەن.

بـۆ نموونـە، لـە قورئانـدا ڕوونكراوەتـەوە كـە پابەنـدبوون تـەنها بـە گوێڕایـەڵی بـۆ خـودا و، پێغەمبەر(د.خ) و، ئەوانەیـە كـە دەسـەڵات دەگرنـە دەسـت، ئەمـەش لـە زۆربـەی وتـەكانی پێغەمبـەردا(د.خ) هەیـە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا فەرموودەی دیكە هەیە كە سنووری دیاریكراو بۆ ئەم پابەندبوونە دادەنێت، لەم بارەوەیەوە دوو فەرموودەی محەمـەد(د.خ) هـەن، یەكـەمیان دەڵـێ: "هـیچ گوێڕایەڵییەك نییە بۆ گوناه"، واتـە گوێڕایـەڵی بـۆ حاكم نییە ئەگەر پێچەوانەی بڕیاری خودا بجولێتـەوە و، نابێ گوێڕایەڵی بۆ بكرێ، ئەم دیاردەیە لەو مافـە شۆڕشگێڕییە زیاترە كە لە بیری سیاسی ڕۆژئاواییـدا دەردەكەوێ، چونكە ئەمە پابەندبوونە بە شۆڕش یـان لانـی كـەم بەرەنگاربوونـەوەی دەسـەڵاتە. ڕاگەیاندنەكەی دیكە ئەوەیە: "گوێڕایەڵی خـەڵقكراو نییە لە دژی خولقێنەر" كە ئەمەش دیسان سـنوور بۆ دەسەڵاتی حاكم دادەنێت.

ئەم دوو ڕێچكەیە بە درێژایی مێـژووی دەوڵـەتی ئیسلامی و، بیرۆكـە و كـرداری ئیـسلامی سیاسـی درێژەیان هەبووە. موسڵمانان لە زۆر ڕووەوە بایەخیان بـە كێـشەی سیاسـەت و حكومـەت داوە، وەك بەدەستهێنان و پراكتیزەكردنی دەسەڵات، خەلافـەت، شەریعەت و، سنووری دەسەڵات كە زیاتر پەیوەنـدی بە بابەتەكەی ئێمەوە هەیە.

یاسای ئایینی ئیسلامی زۆر بە تونـدی جـەختی لەسەر دووخاڵ كردەوە كە پەیوەندی بـە بـەڕێوەبردنی حكوومەت لـە لایـەن حاكمـەوە هەیـە. یـەكێكیان پێویـستی ئەنجامـدانی ڕاوێـژ (شـوورا) بـوو، ئـەم ڕاشكاوییە لە لایەن قورئانەوە ئامـاژەی پێكـراوە و، لـە زۆربـەی فـەرموودەكانی محەمـەدیش دا جـەختی لەسەر كراوەتەوە. پێچەوانەی ئەوە جەور و سـتەمە. پێویستە حاكم لەگەڵ كۆمەڵێ دامەزراوی دیـاریكراو لە كۆمەڵگەدا ڕاوێژ بكات. لە سەردەمی زوودا ڕاوێژ لەگەڵ سەرۆك هۆزەكاندا بایەخی خۆی هەبووە كە تـا ئێستاش لە زۆر شوێندا هـەرماوە وەك عەرەبـستانی سعودی و هەندێ ناوچەی عیراق، بەڵام لـە میـسر و سوریا كەمتر. حـاكم ڕاوێـژ لەگـەڵ موڵكـدارەكان و گرووپـە بـەهێزەكان و بازرگانـەكانی شـار و چـینی ڕۆشـنبیر و دەسـەڵاتە ئاینییـەكان و دامـەزراوە سەربازییەكان دەكات. گرنگیی ئەم گروپانـە لـەوەدا بوو كە بەڕاستی خاوەن هێـز بـوون و، هەنـدێ جـار دەیان توانی كێشە بۆ حاكم دروست بكەن و تەنانەت مەرجیشی بۆ دابنێن یـا شـتی بەسـەردا بـسەپێنن، جگە لەمانـە، سـەرۆك هـۆز و تایفـە و فەرمانـدەی هێزەكـان لـە لایـەن حاكمـەوە بـۆ ئـەم پۆسـتانە نەدەپالێوران، بەڵكو خودی گروپەكان دایان دەنان.

ڕاوێـژكردن (شـوورا) بەشـی ناوەنـدی سیـستمی ئیسلامییە، بەڵام تـەنها هۆكـار نییـە كـە دەتوانـێ لێكۆڵینـەوە لـە دەسـەڵاتی حاكمـدا بكـات. ڕێنماییەكانی یاسای ئیسلام بە گشتی جەخت لەسەر ئـەوە دەكەنـەوە كـە خەلیفـەی نـوێ ـ سـەركردەی دەوڵەتی ئیسلامی ـ دەبێ بە هەڵبژاردن بێت، بـەڵام

ئەمــە نــەك تــەنها هەلبــژاردنیکی سەرتاســەری نەدەگەیاند، بەلکو لە هەلبـژاردنیکی هەریمایـەتیش بەدوور بـوو، بـە پیـچەوانەوە کۆمـەلیکی بـچووکی بەتوانای خەلك خەلیفەیان هەلدەبـژارد. لـە بنـەمای شــەریعەتدا هەلبــژاردنی کــاتی بــە تــەواوی رەتکراوەتەوە، بەلام بە کردار تەنها کاتی بوو.

هەنـدی رەخنـەگران بـێ رەچـاوکردنی تیـۆری، لەوانەیــە شـیوەی واقیعـی توندوتیـژی و زۆرداری حکومەت دەسنیشان بکەن کە روالـەتیکی تیکـرای رۆژهەلاتی ناوەراست و هەندیك ولاتـی ئیـسلامییە. هەنـدیکیان زیـاتر لـەوە دەلـین : ئـەوە سروشـتی موسلمانەکانە کە چۆن بوون چۆنن، هـیچ شـتیك لـە ئارادا نییـە کـە ئـەوروپا بتوانـێ دەربـارەی ئەوانـە بیکات. بەلام ئـەوە بەهەلـە خویندنـەوەی میـژووە، پیویـسته کــەمیك بــۆ دواوە بگەرپینــەوە بــزانین رۆژهەلاتی ناوەراست چۆن گەیشتۆتە ئەم قۆناغە.

گۆرانکارییــەکان بــە دوو قۆناغــدا تیپــەریون. قۆناغی یەکەم بـە هیرشـەکەی پۆناپـەرت بـۆ سـەر میـسر دەسـت پیـدەکات و بـە دریـژایی سـەدەی نۆزدەهەم و بیستەم بەردەوام بوو. کاتیك حاکمەکانی رۆژهــەلاتی ناوەراسـت بـە هۆشـیارییەکی ئیجگـار گەورە بریاری شوینکەوتنی جیهانی هاوچەرخیان بـە پیویـست زانـی و، هەولیانـدا بـۆ مـۆدیرنیزەکردنی کۆمـەلگاکانیان هـەنگاو بنـین، لـە ولاتەکانیانـەوە دەسـتیان پیکـرد. ئـەم گۆرانکارییانـە لـە ریگـەی حاکمی ئیمپریالیستەوە جێ بەجێ نەکرا کـە زۆر بـە ئاگاییەوە هەولیاندەدا پاریزگار بن، بەلکو لـە لایـەن حاکمــە نیوخۆییەکانــەوە تەقــەلای بــۆ درا، وەك سولتانەکانی تورکیا و، پاشاو خدیوییـەکانی میـسر و، شاهی فارس، بە نیـازی وەدەسـتهینانی باشـترین ئەنجام، بەلام دواتر ئاکامی کاولکاری لیکەوتەوە.

مـۆدیرنیزەکردن مانــای ناسـاندنی سیـستەمی رۆژئاوایی پەیوەندیکردن و جەنگ و حـوکمرانی، کـە بالادەســـتبوون و ســـەرکوتکردن لـــە ئـــامرازە حەتمییەکانی ئەمانە بوون. دەسەلاتی دەولەت لەگـەل بنیاتنــانی هۆکارەکــانی کــۆنترۆل و چــاودیری و سەپاندنی هیز، بە بەراورد لەگەل توانـا و دەسـەلاتی سەرکردە پیشینەکان زۆر زیادی کرد. بۆیە لە کۆتایی سـەدەی بیـست هــەر ســەرکردەیەکی بــێ بایــەخی ولاتیکی لاواز یان هەر هەریمیکی شـیوە ولات بـوو بە خاوەنی دەسەلاتیکی گەورەتر، کـە پیـشتر لـەژیر سایەی خەلیفە و سولتانەکاندا بوون.

بـەلام رەنگـە خـراپترین ئاکـامی مـۆدیرنیزەکردن پووچـەلکردنەوەی دەسـەلاتی ناوەنـدی نیـو کۆمەلگـە بووبـێ وەك بازرگانـەکانی شـار و، سـەرۆك هۆزەکـان (ئەوانەی کە لە سیـستەمی حوکمـدا زۆر کاریگەرانـە سنووریان بۆ دەسەلاتی دەولـەت دانـابوو). ئـەم هیـزە ناوەندییانە بەرەبەرە لاواز بوون و دوورخرانەوە، بۆیە لـە لایەکەوە ولات بە هیزتر و گشتگیر تر بوو، لە لایـەکی دیکەوە سنوورە دیاریکراوەکان بەرەو نەمان چوون.

ئـەم پرۆسـەیە لەلایـەن یـەکیك لـە باشـترین نووســـەرەکانی ســـەدەی نـــۆزدە وەســـفکراوە و جیاکراوەتــەوە کــە ئەفــسەری دەریــایی بــەریتانی ئـــەدۆلفاس ســـلییدە، وەك راویـــژکاری کەشـــتی بارهەلگری تورکی دانرابوو زۆربـەی ژیـانی پیـشەیی لەوێ بەسەر برد. ئەدۆلفاس بە شیوەیەکی زیندوو لە

پرۆسەی ئەو گۆڕانانە دەدوێ و باسی ئەوانە دەکات کە بە ئەشرافزادە کۆنەکان ناویان دەبات، بە شێوەیەکی سەرەتایی خاوەن موڵك و بۆرجوازییەکانی شار و خانەدانە نوێیەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی بەشێکن لە دەوڵەت و دەسەڵاتیان درێژبوونەوەی دەسەڵاتی حاکمە نەك دەسەڵاتی خەڵکی خۆیان. ئەشرافزادەی کۆن لەسەر موڵکی ئەوان ژیا ون، دواتر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە وڵات موڵکی خانەدان و ئەشرافزادەی نوێیە. ئەمە ڕاستییەکی زۆر گەورەیە و لە ژێر تیشکی پەرەسەندنەکانی دوای ئەوسا و ئێستادا بەرنامەیەکی سەرنجڕاکێشی دووربینانەیە.

دەکرێ بوترێ قۆناغی نائارامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ جەنگی دووەمی جیهانیدا دەست پێدەکات. لە ساڵی ١٩٤٠ دا حکومەتی فەرەنسا تەسلیم بە حکومەتی نازی بوو. لە ناوچەی ڤیکی هاوکارییەکی نوێی حکومی دامەزرا و ژەنەڕاڵ چارلس دی گۆوڵ بۆ لەندەن ڕۆیشت و کۆمیتەی ئازادی فەرەنسی دامەزراند. ئیمپراتۆریەتی فەرەنسی لەوە بەدەر بوو کە لەو خاڵەدا بگاتە ئەڵمانەکان، و حاکمەکانی سەربازگەکانی فەرەنسی و شوێنکەوتووەکانیان ئازاد بوون لەوەی کە لە ڤیکی بمێننەوە یا لەگەڵ دی گۆوڵ یەکبگرن. ڤیکی هەڵبژاردەی زۆربەیان بوو. حاکمەکانی فەرەنسا هەرێمی لوبنان و سوریایان لەناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی عەرەبدا هەڵبژارد تا بیخەنە ژێر ئینتیداب. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ سووریا و لوبنان زیاتر بە ڕووی نازییەکاندا کرانەوە، گەلێك کاریان تیا ئەنجامدا و کردیانە مەڵبەندی پرۆپاگەندە و چالاکی لە وڵاتانی عەرەبی.

ئەمە لەوکاتەدا بوو دامەزراوە ئایدۆلۆجییەکان گەشەیان کرد کە دواتر پارتی بەعسی لێ هاتە کایەوە، دیارە پاش ئەوەی خۆی لەگەڵ بیرۆکە و ڕێچکەکانی نازی بۆ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گونجاند. بیری لەدایك بووی ئەم پارتە جەختی لەسەر یەکێتی عەرەب و ناسیۆنالیزم و شێوەی سۆشیالیزم کردەوە. پارتەکە تا نیسانی ١٩٤٧ بە ڕەسمی دانەمەزرا، بەڵام یاداشتەکانی ئەوسا و سەرچاوەکانی تر ئەوە نیشان دەدەن کە سەردەمی پێشووی نازی لەوێوە دەستیپێکردووە. لە سووریاوە ئەڵمانەکان و نۆبەرەی بەعس و نۆبەرەی ڕژێمی نازییان لە عیراقیش دامەزراند کە لە لایەن ڕشید عالی گەیلانی سەرۆکایەتی کرا. دوای هەڵمەتێکی سەربازی کورتی هێزی سەربازی بەریتانیا لە ٥-٦/١٩٤١ ڕژێمەکەی ڕەشید عالی گەیلانی ڕوخێنرا و خۆیشی بۆ بەرلین بۆی دەرچوو. هێزەکانی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ سووریا وەڕێکەوتن، دوای جەنگی دووەمی جیهان چەند ساڵێك هەرێمەکەیان جێهێشت، دوای ماوەیەکی کەم سۆڤیەت هاتە ناوەوە.

سەرکردەکانی پارتی بەعس بە ئاسانی لە مۆدیلی نازی بۆ مۆدیلی کۆمۆنیستی گۆڕان و تەنها پێویستیان بە چاککارییەکی کەم هەبوو. ئەمە پارتێك نەبوو بە مانای ڕۆژئاوایی کە ڕێکخراوێك بێت بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردن و بەدەستهێنانی دەنگ هەوڵ بدات، بەڵکو پارتێکی کۆمۆنیستی و نازی بوو، و بەشێکی دامودەزگای حکومەتی پەیوەندیدار بوو بۆ شوشتنەوەی مێشك و چاودێریکردن و سەرکوتکردن و زۆرلێکردن. هەردوو پارتی بەعس لە سووریا و عیراق بە درێژایی ئەم هێڵانە فەرمانەکانیان درێژە پێدا.

لە ساڵی ١٩٤٠ەوە جارێکی دیکە دوای گەیشتنی سۆڤیەت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە شێوەیەکی سەرەکی مۆدێلی حوکمی ئەورووپی لە فاشیست و نازی و کۆمۆنیستی لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەڵام قسەکردن لە دکتاتۆرییەت وەك ڕێگایەکی لەمێژینە و لەیادنەچوو بۆ ئەنجامدانی کارەکان لە بەشێکی ئەم جیهانەدا، بە شێوەیەکی ڕەها ڕاست نییە، کە نەزانیی ڕابردووی عەرەب و ڕق و کینەی ئێستای و کەم بایەخی داهاتووەکەی نیشاندەدات. ئەو چەشنە ڕژێمەی کە لەلایەن سەددامەوە پارێزگاری لێدەکرا لەو وڵاتە ئیسلامییانەش کە بەهۆی هەندێ حاکمەوە پیادە دەکرێ، لە ڕاستیدا شتێکی نوێیە و، بۆ بنەماکانی شارستانییەتی ئیسلامی شتێکی نامۆیە.

بێگومان گەلێك کۆسپ هەن لەبەردەم پەرەسەندنی دەزگا دیموکراسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دیارترینی ئەو تەگەرانەش بریتین لە شێوەی حوکمی تاکڕەوی و ستەمکاری کە ئێستا ئەم ناوچەیە تیایدا نوقم بووە. ئەم جۆرە حوکمە نامۆیە هیچ ڕەگێکی عەرەبی یا ئیسلامی لە ڕابردوودا نییە، بەڵام وا بۆ دووسەدە دەچێت کۆسپێکی گەورەی پێکهێناوە.

بەربەستێکی دیکەی تەقلیدی نەبوونی مەدەنییەتە لە بیرۆکە و پراکتیزەکردنی ئیسلامی سیاسی، واتا نەبوونی ئازادی و بەشداریکردن لەقەوارەی مەدەنی. بیرۆکەی بەشداری نەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنی حاکم و بەڕێوەبردنی حکومەتدا بەشێك نییە لە یاسای ئایینی ئیسلامی. لە ڕۆژگاری حوکمی خەلیفەدا چەندین شاری مەزن و بووژاوە هەبوون، بەڵام نە دۆخێکی ڕەسمی وەك ئەوەیان هەبوو، نە شتێکی وا کە سیمای حکومەتی مەدەنی پێوە دیاربێ و، نەبوونی مەدەنییەت بووە هۆی نەبوونی نوێنەرایەتی مەدەنیش. لەگەڵ ئەوەشدا گروپی کۆمەڵایەتی جیاواز بۆ ماوەی کلاسیکی سەرکردەکانیان هەڵدەبژارد. ئەم بیرۆکەی هەڵبژاردنی تاکەکان بۆ نوێنەرایەتی کردنی کۆمەڵێك هاوڵاتی لە دەزگایەکی هاوکاریدا، بۆ ئەزموون و پراکتیزەی موسڵمانەکان شتێکی نامۆیە. لەگەڵ ئەوەشدا توخمی دیکەی ئیجابی لە مێژووی ئیسلامی و بیری دیکە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ پێشکەوتنی دیموکراسی. بیرۆکەی پەیمان بەستن و ڕێککەوتن و دیاریکردنی سنوور لە شەریعەتی ئیسلامیدا دیسان بۆ ئەمڕۆمان مەسەلەیەکی دیکەیە و، ڕەتکردنەوەی بیری زۆرداری، هێزێکی نوێ و پێداگرییەکی نوێیە. دەکرێ بگوترێ ئەورووپا بیری دکتاتۆرییەتی بڵاو کردەوە، لە هەمانکاتدا بیرۆکەی هاوکۆکی بۆ شۆڕشکردنی جەماوەریشی لە دژی دکتاتۆرییەتدا بڵاوکردەوە.

ڕەتکردنەوەی حوکمی ستەمکاری، دیاردەیەکی باوە بۆ هەریەکە لە نووسینە کۆن و زیاتریش هاوچەرخەکان و، پێشتر کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. موسڵمانەکان دووبارە هەڵدەستنەوە و، لە هەندێ شوێن پراکتیزەی ئەو بیرۆکانە دەکەن کە پەیوەندی بە ڕاوێژکردنەوە هەیە، بۆ ئایینداریەکان ئەم پێشکەوتنانە تەنها لەسەر بنەمای یاسای ئایینی و عەقیدە دامەزراوە لەگەڵ زنجیرەیەك پێشینەی کاریگەری ڕابردووی ئیسلامی. بۆی هەیە ئەم

زیندووبوونەوەیە بە تایبەتی لە ئەفغانستان ببینری کە خەلکەکەی کەمتر بە دیاردەی مۆدیرنکردندا تیپەڕیون و بۆ ئەوان ساناترە کە نەریتە چاکەکانی ڕابردوو زیندووبکەنەوە. ڕاوێژکردنی حکومەت لەگەل بەرژەوەندی چەسپاوی جۆراوجۆر و گروپی هاوپەیمان، ئامانجی ئەنجوومەنی بالایە کە لە بواری فراوانی گروپە جیاوازەکان پیکهاتووە، وەك ڕەگەزی، تیرەیی، ئایینی، هەریمی، پیشەیی و هی تر. بۆیە نیشانەی بزاوتی کاتی و ئەزموونی بەرەو گشتگیری لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە.

هەروەها هۆکاری ئیجابی دیکەی کارکردن هەیە کە هەندی جار لە شیوەی سەرسوڕماندایە، لەوانەیە تاکە پیشکەوتنی گرینگ، پەرەپیدانی پەیوەندیکردنی نوی بیت. چاپکردنی ڕۆژنامە، تەلگراف، ڕادیۆ، تلفزیۆن، هەمووی بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گوازراییەوە، تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن تا ڕادەیەکی فراوان ئامرازیکی جەور و ستەمکردن و چەکیکی نوی و کاریگەری پرۆپاگەندە و کۆنترۆلی بە دەولەت بەخشی.

بەلام ئەم خواستە بە شیوەیەکی نادیار بەردەوام نەبوو، بەم دواییە، بە تایبەتی لەگەل پەیدابوونی ئینتەرنیت، تەلەفزیۆن، سەتلایت، و مۆبایل، تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردن کاریگەرییەکەی پیچەوانە بۆوە. زۆر بە ڕوونی دەرکەوت کە یەکیك لە هۆکارەکانی هەرەسهینانی سۆڤیەت، شۆڕشی زانیاری بوو. سیستەمی سۆڤیەتی کۆن تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە کۆنترۆلی بەرهەمهینان و بلاوکردنەوە و ئالوگۆڕکردنی زانیاری و بیرۆکەکان بەستبوو.

کاتیك کە پەیوەندیکردنی هاوچەرخ پەرەی سەند ئەمە چیدیکە نەڕەخسا، شۆڕشی زانیاری هەمان تەنگەتاوی بۆ سەر سۆڤیەتی پیشوو دروستکرد کە شۆڕشی پیشەسازی بۆ عوسمانییەکان و ئیمپراتۆرییەتەکانی دیکەی ئیسلامی خولقاند: (یان ڕەزامەندی نیشانبدە و لەهەمان هەلویست بمینەوە، یان ڕەتی بکەوە و ببە پاشکۆی جیهان). سۆڤیەت هەولیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم تەنگژەیە کەچی تائیستاش لەگەل ململانیی ئاکامەکانی دەکات.

تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردنی هاوچەرخ کاریگەرییەکی دیکەشی هەبوو لەسەر هۆشیارکردنەوەی موسلمانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە چۆن شتەکان پیچەوانە ڕۆیشتوون. لە ڕابردوودا هەستیان بەو جیاوازییە نەدەکرد کە لەنیو جیهانی ئەوان و جیهانی ئەوانەی دیکەدا هەیە، و درکیان بەوە نەدەکرد کە تەنها نەکەوتوونەتە دوای ڕۆژئاوای پیشکەوتوو، بەلکو لەدواوەی ولاتانی ڕۆهەلاتی پیشکەوتووی وەك یابان و چین و هیند و کۆریای باشوور و ئاسیای باشووریشەوەن، یا هەرشوینیکی دیکە لە ڕووی چەمکی ژیانی پیوانە و وەدەستهینان و گەشەسەندنی کەلتوور ومرۆڤە بە شیوەیەکی گشتی تر. لەوەش ئازار بەخشتر جیاوازی گروپەکانی خەلکە لە خودی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

لیرەدا کیشەی دیموکراسی پتر لە هەر شوینیکی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پەیوەندی بەعیراقەوە هەیە. عیراق سەرەڕای هۆکارە گشتییەکان لەوانەیە سوود لە دوو خەسلەتی دیاریکراوی دۆخەکەی

وەربگرێ. یەکەمیان پەیوەندارە بە ژێرخانی ئـابووری و پـەروەردە. لـە دەیـەکانی ڕابـردوودا هـەموو وڵاتێـك سوودی لە داهـاتی نـەوت وەرگرتـووە بـە پێـچەوانەی عیراق لە ڕۆژگاری سەدامدا. عیراقی بەر لە سەدام، زۆر بە باشی داهـاتی نـەوتی بـەکارهێناوە، سـەرکردەکانی ئەوسا ڕێگا و پرد وکارخانەکانی وڵاتیان پەرەپێدا و بـە تایبەتی تۆڕی قوتابخانـەکان و زانکۆکـان. ئەمانـە وەك هەموو شتەکانی دیکە لـە عـیراق بـە هـۆی حـوکمی سەدامەوە وێرانکـران، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە خـراپترین حاڵەتدا کۆمـەڵێکی خوێنـدەوار تاڕادەیـەك داهێنـانی کردووە بۆ ڕۆشنبیرکردنی نـەوەکانی، ئاکـامی ئـەوەش دەتوانرێ لە خەڵکی عیراقی ئەمڕۆدا بەرچاو بکەوێ.

خاڵەکەی تر پێگەی ئافرەتە کە لە هـەر بـارێکی دیکەی جیهانی ئیسلامی باشترە. ئـەوان بـە مـافی تەواوی خۆیان نەگەیشتوون. بـەڵام بـەر لـە سـەدام، ئـافرەت گەیـشتە پلـەکانی خوێنـدن بـە خوێنـدنی باڵاشـەوە و، لـە پیـشەدا دامـەزران، لەگـەڵ وێکـچوونێکی کـەم لـە جیهـانی موسـڵمانانـدا. لـە ڕۆژئاوادا ئازادی ئافرەت بوو بە هۆکارێکی گەورە بۆ کۆمەڵگای گەورەتر، بە دڵنیاییەوە ئـافرەت دەبێتـە بەشـێکی سـەرەکی و گـرنگ لـە داهـاتووی دیموکراسیەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

مەترسـی گـەورەی پەرەپێـدانی دیموکراسـی لـە عیراق و دواتـریش لـە وڵاتـانی دیکـەی عـەرەبی و ئیسلامیدا، بە هـیچ خاسـیەت و سـیفەتێکی کـاتی کۆمەڵگاوە بەند نییە. بەڵام دەکەوێتە سـەر هـەوڵی ڕاستەقینەی داڕێژراو کە بۆ زامنکردنـی دیموکراسـی هەنگاوی بۆ دەهاوێژرێت. دوژمنانی دیموکراسـییەتی جیهـانی ئیـسلامی لـە سەرچـاوەی زۆر جیـاواز و ئایـدۆلۆجیای جۆراوجـۆری توندوتیـژەوە هـاتوون. هاوپەیمانییەتیـەکی بنیـاتنراو لەسـەر بنـەمای بەرژەوەندی نێوان گروپـی جۆراوجـۆر و بەرژەوەنـدی لقوپۆپ هاویشتوو دا هەیە.

لە هەمووی ترسناکتر ئیـسلامییە تونـدڕەوەکانن کە لای ئەوان دیموکراسی بەشێکە لە زیندووکردنەوەی شەیتانی گەورە کە ڕۆژئاوا سەرچـاوەکەیەتی، جـا چ لە شێوەی مۆدیلی کۆنی باڵادەستی ئیمپراتۆری بـێ، یا شێوەی نوێتری کەلتووری بـێ. ئەمانـە وەهـا لـە ڕۆژئاواییەکان و شوێنکەوتوانیان دەڕوانن، کـە نـەك تەنها تەگەرە دەخەنـە بـەردەم پێـشکەوتنی ئیـسلام بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری لە جیهانـدا، بـەڵکو بـە ترسناکتریشی دادەنێن بۆ خودی وڵاتەکانی خۆیان، بە پێـچەوانەی چاکـسازیخوازەکان، ئەمانـە وەهـا کێشەکانی موسوڵمانان شی دەکەنەوە، کـە هـاوکۆك نییە لەگەڵ مۆدێرنیزم. دیموکراسی بۆ ئەوان شـتێکی نامۆیـە و بـە داگیرکـاری کـوفری لەقەڵـەم دەدەن. وەڵامی توندڕەوەکان بۆ حوکمی ڕۆژئاوا و، زیـاتر بـۆ کاریگـەری کـەلتووری کۆمەڵایـەتی ڕۆژئـاوایی کۆکردنەوەی هێزە بۆ ماوەیـەکی درێـژ، و دەربڕینـی بیروڕاکانیان لـە بڵاوکـراوەی خـاوەن جامـاوەر و لـە زنجیرەیەك بزووتنەوەی چالاکیدا. بەرچاوترینی ئەوانـە کۆمەڵەی ئیخوان موسلیمینی میسرە.

ئیسلامی سیاسی سەرەتا بوو بە گەورەترین فاکتەری نێودەولەتی لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران ۱۹۷۹. ئەوەی لە ئێران ڕوویدا شۆڕشێکی ڕاستەقینە بوو، گۆڕانکاری مەزن لەگەڵ لەڕوودا وەستانی ئایدۆلۆجی مەعنەوی. گۆڕینی بنەڕەتی کۆمەڵگە کە کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی لەسەر هەموو جیهانی ئیسلامی هەبوو لە ڕووی هزری، ئەخلاقی، و سیاسی. ئەو پرۆسەیەی لە ساڵی ۱۹۷۹ دا ڕوویدا شۆڕشێك بوو بە هەمان مانای شۆڕشی فەرەنسا و ڕوسیا. هەروەك ئەوانی پێش خۆی، شۆڕشی ئێران بە چەند قۆناغێکی ململانێی نێوخۆیی و دەرەکی گۆڕانکاریدا گوزەری کرد، ئێستا وا پێدەچێ کە بچێتە قۆناغی ناپلیۆنی، یان ڕوونتر بڵێین قۆناغی ستالینی بەخۆوە دەبینێ.

ڕژێمی تاکڕەوی ئێران شەپۆلی پاڵپشتی خەڵك ڕایماڵی کەبەهۆی بێزاری و تووڕەیی دژی ڕژێمی کۆن و دەزگا و سیاسەتەکەی لە لایەن خەڵکەوە بەرپاکرا. بەڵام لەدوای ئەوەش ڕژێمی ئێران بووەتە ڕژێمێکی نا جەماوەری، مەلا حوکمی تیادا دەکەن و وا نیشانیان داوە کە لە ستەم و گەندەڵی شتێکی دیکەیان لە هەگبەدا نییە. وەکو گروپەکانی دیکەی وڵاتانی هەرێمەکە. لە ئێراندا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ بوونی شەپۆلی ڕق و تووڕەیی، هەندێك داوای گۆڕانی ڕیشەیی دەکەن لە چەشنی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو. ژمارەیەکی زۆری دیکە هیواکانیان لە باوەشکردن بە دیموکراسیدا دەخەنەڕوو. هەر لەبەر ئەوەیە حاکمەکانی ئێران لە هاتنەکایەوەی ڕژێمی دیموکراسی لە عیراقدا ترسیان لێ نیشتووە. بەشی زۆری عیراق وەکو ئێران شیعەن، بەڵام ئەمە تەنها بوونە نە هیچی تر. دیموکراسی شیعە لە سنووری ڕۆژئاوای ئێران لە ڕوو ڕاوەستانێك و ترسێکی گەورە دەسەپێنێتە سەر ڕژێمی مەلاکان، بۆیە هەموو کارێك دەکەن بۆ قەدەغەکردن یان گۆڕینی ئەم پرۆسەیە بۆ شێوەیەکی تر.

گرنگییەکی دیکەی گەورە لە حاڵی ئێستادا، بوونی سوننە توندڕەوەکانە. هۆکارێکی گرنگ لە جەنگی سوننە، سەرهەڵدان و، بڵاوبوونەوە و، لە هەندێ شوێنیشدا باڵا دەستی وەهابیزمە، کە قوتابخانەیەکی ئیسلامییە لە نەجد ـ ناوجەرگەی عەرەبی ئیسلامی ـ لە سەدەی هەژدەدا پەیدابوو. ئەوسا چەندین گیروگرفتی بۆ حاکمەکانی جیهانی ئیسلامی دروستکرد، بەڵام لە کۆتاییدا سنووریان بۆ دانراو سەرکوتکران. لە سەدەی بیستدا دووبارە سەریان هەڵدایەوە و گرنگییەکی نوێیان بەدەستهێنا کە خانەی سعوود، سەرۆك هۆزە نێوخۆییەکان چوونە ڕیزیانەوە و، دەستیان بەسەر شاری مەککە و مەدینە داگرت و ڕژێمی پاشایەتی سعوودییان دامەزراند. ئەمەیان دوو هۆکاری یەکجار گرنگ بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە، یەکەمیان، وەهابی سعوودی حوکمی شارە پیرۆزەکان دەکات، بۆیە کۆنترۆڵی گەشتی ساڵانەی مسوڵمانانی بۆ حەج کردووە کە پێگەیەکی بەرزیان پێدەدا و کاریگەری دەخەنە سەر جیهانی ئیسلامی. دووەمیان، دۆزینەوە و

بەکارهێنانی سامانی ئێجگار گەورەی نەوت، کە ئەگەر وانەبووایە توندڕۆی پشتگوێخراو لە ولاتێکی پەراوێزکراودا دەبوون، بەلام ئێستا کاریگەرییەکی جیهانی فراوانیان هەیە، ئێستا هێزەکانیان تەنانەت مەترسیان بۆ سەر خودی خانەی سعوودیش هەیە.

یەکەم گەورە سەرکەوتنی سوننە توندڕۆکان هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت بوو. بەلای ئەوانەوە شکانی سۆڤیەت بەهۆی شەڕی ساردەوە نەبوو کە ڕۆژئاوا لەدژی بەرپای کردبوو، بەلکو بەهۆی جیهادی ئیسلامی بوو کە جەنگاوەران لە ئەفغانستان پیادەیان دەکرد. وەك ئوسامە بن لادن و گروپەکەی بڕوایان وابوو کە یەکێك لە دوو گەورەترین زلهێزی کوفری جیهانییان تێکشکاندووە، لەم دووانەش گەورەترینیان، بۆیە وایان دەزانی کە ئەمەریکا ساناترە بۆ ئەوان، چونکە لەوکاتەدا کردار و باسەکانی ئەمەریکا لاواز بوو، کە ئەمەش ئەو باوەڕەی ئەوانی بەهێزتر کردبوو.

لە هەلبژاردنێکی ڕاستەقینەی ئازاددا، توندڕەوەکان چەندین بەرژەوەندی گرنگیان لەسەر میانەڕەو و چاکخوازەکاندا بەدەستهێنا، یەکێك لەوانە ئەوەیە ئەمان بە زمانێك قسەدەکەن کە لەلای موسلمانەکانەوە باوە، کەچی پارتە دیموکراتییەکان ئایدۆلۆجیەیەك پەرەپێدەدەن و چەمکێك بەکاردەهێنن کە بۆ شەقامی موسلمانان نامۆیە. بە پێچەوانەوە پارتە توندرەوەکان دەستەواژەی وەها بەگوێی خەلکدا دەچرپێنن کە سەرنجی بەهاکانیان ڕادەکێشێ و ڕەخنە لە سیستەمی عیلمانی و ستەمکاری بگرێ و جێگرەوەیەکیش ببەخشێ. بۆ پەخشکردنی ئەم پەیامەش تۆڕێکی یەکجار فراوان و کاریگەر بەکاردەهێنن کە لە مزگەوتدا بەیەك دەگەن و لەسەر مینبەر قسە دەکەن. هیچ یەکێك لە پارتە عیلمانییەکان بەو ئاکامە نەگەیشتووە کە لەگەل ئەمانەدا بەراورد بکرێت. شۆڕشگێڕە ئایینییەکان، تەنانەت تیرۆریستەکانیش، بە هەمان شێوە پالپشتی دەکەن بەهۆی تەقەلای ڕاستەقینەی چڕوپڕیان بۆ کەمکردنەوەی ئازار و مەینەتی خەلك. نموونەی شۆڕشی ئێرانی وا پێدەچێ ئەوەمان بۆ دیاریبکات کە ئەم سەربازە ئایینییانە باشتر نین و، هەندێ جاریش زۆر خراپترن لەوانەی کە لادراون و خۆیان شوێنی ئەوانیان گرتووەتەوە. بەلام لەو ساتەوە تێگەیشتنی ئێستا و هیوای دواڕۆژی خەلك دەتوانێ بە چاکەی ئەوان کاربکات.

لە کۆتاییدا لە هەمووان گرنگتر، یەکگرتنی ئایدۆلۆجی پارتە دیموکراتییەکانە بۆ ڕێگە پێدانی ئازادی کارکردن بۆ توندڕەوەکان. ئەم توندرەوانە حالەتی وەها بێ توانایيەك ناچێژن، بە پێچەوانەوە لە ئەرکی خۆیاندا کە لەدەسەلاتدان، ستەمکردن و بێ متمانەیی و گوێنەگرتن پەیڕەو دەکەن.

سەرەڕای ئەم گرفت و کێشانەش، نیشانەی هیوا هەیە، بە تایبەتی هەردوو هەلبژاردنەکانی عیراق، ملیۆنەها عیراقی بەرەو سندووقی دەنگدان چوون، بەڕیز وەستابوون و دەنگیان دا، لە کاتێکدا

دەشـــیانزانی لـــە هـــەر چـــرکەیەکدا گیانیـــان لـــە مەترسـیدایە. بەڕاسـتی دەسـتکەوتێکی یـەکجار مەزن بوو. دیموکراسـیەت لـە عیراقـدا جـەنگێکی بردەوە، تا ئێستاش ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتـەوە لــە بــێ ویــژدانی و یــەك بــاوەڕی دوژمنــەکان و هاوڕێیە بێ بڕوا و هەڵگەڕاوەکانیان. بـەڵام ئەمـە جەنگێکی سـەرەکی بـوو، و هەڵبـژاردنی عیراقـی لەوانەیە خـاڵی وەرچـەرخانێك بێـت لـە مێـژووی ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتدا کــە کــەمتر نــەبێت لــە گەیشتنی ژەنەراڵ پۆناپـەرت و شۆڕشـی فەرەنـسی بۆ میسر لە دوو سەدەی بەر لە ئێستا.

خولقاندنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسـی دیموکراسی لە عیراقدا، یا هەر شـوێنێکی دیکـەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کـارێکی سـانا نابـێ، بـەڵام مــەحاڵیش نییــە. نیــشانە و بەڵگــەکانیش لــە زیادبووندان کە ئـەم پرۆسـەیە ماوەیێکـە دەسـتی پێکردووە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دوو مەترسی لە ئارادایـە کە پەیوەندیـدارە بـە مـەحاڵبوونی هاتنـە ئـارای دیموکراســی لــە عیراقــدا. یــەکێکیان ترسـێکی ناکاریگەرە نییە، ئەو ترسەی کە لەلایەن هەنـدێك لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپاوە هاتە دەربڕین. ئەوەی دیکە کاریگەرە و ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەکی ئازادی ڕاسەقینە لە عیراقدا، مەترسی گـەورە بـۆ حکومەتـەکانی هەرێمەکـە دروسـت دەکـات، کـە هەریەکـــە لـــە هاوپـــەیمانانی ئەمـــەریکا و دوژمنەکانیشی دەگرێتەوە.

کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ڕێگایـەکی بـۆ دیموکراسی کردەوە لە هێزە تەوەرەییەکانی پێشوو، و کۆتایی هاتنی جـەنگی سـاردیش تـا ڕاددەیـەك ئازادی و جووڵەی وەبەر دیموکراسی هێنـا. لەگـەڵ خۆڕاگرتن و ئارامگرتن، لەوانەیـە ئاسـان بـێ بـۆ گەیــشتن بــە دادپــەروەری و ئــازادی بــۆ خــەڵکی ئازارچەشـــتووی چـــەندین ســـاڵەی ڕۆژهـــەڵاتی ناوەڕاست.

سەرچاوە: گۆڤاری فۆرێن ئەففێیرس.